رێگای کوردستان

دووشەممە18ی ئادار (مارس)ی 2002 ژمارە (495) ساڵی (57)

# ئەگەرەکانی لێدانی عێراق زۆرتر دەبن

**دیلمان ئامێدی**

هەموو ئاواتە خوازین کە عێراقو ناوچەکە دووچاری شەڕێکی دیکە نەبێتو رژێمی عێراق پابەندی ئەو بەڵێننانە بێت کە لە ئاکامی شەڕە یەك لە دوای یەکەکانییەوە داویەتیو تەواوی ئەو بڕیارە نێودەوڵەتییانە جێبەجێ بکات کە بۆ خۆی لە ساڵی 1991 دا لە خێوەتگەی سەفوان مۆری لەسەر کردن. ئومێد دەخوازین کە هەڵوێستی لوت بەرزییو گوتاری ناواقیعیو شێوازی هەڵسوکەوتو عەقڵیەتی خۆی بە جۆرێك بگۆڕێت کە لەگەڵ روحی سەردەمدا گونجاو بێت، ئەمەش بۆ خۆلادانو خۆ بواردن لەو ئاکامانەی ئەم شەڕە نوێیەش کە وەکو ئەوانی پێشووتری (هەردوو شەڕی کەنداوی یەکەمو دووەم) و (شەڕی نێوخۆی دژ بە گەلی کورد) کارەساتوماڵوێرانی بەدوای خۆیدا دەهێنێ.. ئەمانە ئاواتی هەموو مرۆیەکە کە حەز بە خێرو خۆشی خەڵکیو گەلانو وڵاتان دەکا... بەڵام واقیعی هەنووکەیی تەواو پێچەوانەی ئەمەیە. هەردوو لایەنی هاوکێشەو ململانێکە لە حاڵەتی سەر لێشێوانو رکابەرییەکی شێتانە دانو، رێڕەوی رووداوو هەڵوێستەکانیش رووەو رووبەڕووبوونەوەی سەربازیو شەڕێك دەڕۆن کە وەکو ئەوانی پێشووتری (تەمبێ) کارانە نابێت، بەڵکو ترسناك یەکلاکەرەوە دەبێتو ئاکامەکانیشی پێش وەخت زانراون.

خوێندنەوە رۆژنامەوانیو سیاسییەکان کە پشت بە هەڵوێستە راگەێنراوەکانی ئەمریکا دەبەستن، بە تایبەتیش گوتارەکەی بۆش سەبارەت بە دۆخی هاوپەیمانیەتیو هەروەها لێدوانی گەورە بەرپرسانی ئەمریکاو ئەو زانیاریو سیناریۆیانەی کە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاوی دەکەنەوە، هەموو ئەمانە ئاماژە بەوە دەکەن کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی بۆ قۆناغی دووەمی شەڕ لە دژی (تیرۆر) ئامادە دەکاتو لە بنەڕەتداو لە نێو وڵاتانی (تەوەری شەڕ)دا گۆڕینی رژێمی عێراق وەکو ئامانجێکی سەرەکی شالاوەکەی دەستنیشان کردووە لە قۆناغی دووەمیدا، هەندێ لە چاودێران وای بۆ دەچن کە ئەمریکا بڕیاری لەسەر ئەم مەسەلەیە داوەو ئەوەی لەم رووەوە مابێتەوە تەنها دیاریکردنی کاتی جێبەجێکردنو تەواو کردنی ئامادە کردنی کەرەستەکانی شەڕە، وەکو (زەمینە خۆشکردنی رای گشتی لە جیهاندا، ئامادەکردنی پێداویستییە سەربازییەکان، رێکخستنی توخمی عێراقی، کەڵەکە کردنی فاکتەرە نێودەوڵەتییەکان، رازی کردنی وڵاتانی ناوچەکە، دۆزینەوەی رێگا چارەیەك بۆ خۆ دزینەوە لە کێشەی فەلەستین..هتد)

ئەمانە ئەو کێشانەن کە لایەنە بەرپرسو پەیوەندیدارەکانی پنتاگۆنو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کاری لەسەر دەکەن. هەر وەك هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەم کارە دەستیان پێکراوە یاخود بە کردەیی رەزامەندییان لەسەر دراوە، لە نێوانیشیانداو ئەوەی هەستی پێ دەکرێ بڕیاری ئەنجامدانی مانۆڕێکی سەربازی بەناوی (ئیرادەیەکی بەهێز) کە هێزە تایبەتەکانی سەر بە سوپای ئەمریکاو سوپای 14 وڵاتی سەر بە ناتۆ بەشدارییان تێدا کرد، ئەو جوڵانەوانەی کە لە بنکەی ئاسمانی (سالم ئەلسباح) لە کوێتدا ئەنجام دەدرێو شتومەکی سەربازی بۆ دەگوازرێتەوە، گواستنەوەی فرۆکەی سەربازی بۆ بنکەی ئەنجەرلیك لە تورکیا. زیادبوونی بزاوتنو چالاکی پیاوانی هەواڵگرییو بەرپرسە سەربازیو سیاسییەکانی ئەمریکا لەم دواییەدا، بە تایبەتیش سەردانەکەی دیك چینی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گفتوگۆو فشار خستنە سەری زۆرتر لەپێناو ئابڵۆقەدانی زۆرتری عێراقو داڕشتنەوەی سەر لە نوێی پەیوەندییەکانو دروستکردنی متمانە لەگەڵ وڵاتانی پەیوەندیدار بە دۆسێی عێراقو زەمینە خۆشکردنو بڕوا پێهێنان بەوەی کە هەنگاوی لێدانی عێراق ئامرازێکە بۆ رزگارکردنی ناوچەکە لە هەڕەشەکانی رژێمی عێراقو مەترسییەکانیو دووبارە گەڕاندنەوەی ئاشتی بۆ ناوچەکە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەوڵی ئەوەش دایە کە لایەنی بەرهەڵستکاری عێراقی کۆبکاتەوەو کۆبوونەوە بۆ ئەفسەرە سەربازییەکانو ئۆپۆزسیۆنی عێراق ساز دەداتو، فشار دەخاتە سەر نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کورت کردنەوەی گفتوگۆکانیان لەگەڵ عێراقدا سەبارەت بە بابەتی گەڕانەوەی پشکێنەرانی نێودەوڵەتی بێ هیچ مەرجێكو، هەروا ئەو هەواڵەی کە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاویان کردەوە سەبارەت بەوەی کە دەزگا هەواڵگرییەکانی بەریتانیا دۆسێیەکی نهێنی ئامادە دەکەن دووپاتی دەکاتەوە کە سەرۆکی عێراق پەیوەندی پتەوی بە رێکخستنی (القاعیدە)وە هەیە. لەو دۆسێیەدا هاتووە کە سەدام ( لە باشووری عێراقدا نەوایەکی ئارامی بۆ سەدان چەکداری قاعیدەو تالیبان دابین کردووە)هەروەها هاوکاری کردووەو بواری ئاسمانی عێراق بەکارهاتووە (بۆ گواستنەوەیان لە ئێرانەوە بۆ لوبنان لە کاتی هەرەسهێنانی رژێمی تالیباندا).

دۆسێیەکە ئاماژە بەوەش دەدات کە سەدام لەو ململانێ توندەشی تێوەگلاوە کە لە رۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادایەو چەندین ئەفسەری ئیستخباراتی سەربازی عێراق یارمەتی کۆمەڵە فەلەستینیە توندڕەوەکان دەدەن... هەموو ئەمانە لەمیانەی هەڵمەتێکدا دێت بۆ بڕواپێهێنانی رای گشتی رەسمیو میللی لە ئەورووپاو رۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا بەوەی کە جەنگ لە دژی سەدام رەوایەتی خۆی هەیە.. چاودێران وای بۆ دەچن کە هەڵوێستی هەندێ لە وڵاتانی عەرەبیو ئەورووپایی بەرهەڵستکار بۆ لێدانی عێراق رێگە لە ئەمریکا ناگرێ کە درێژە بە خۆئامادەکردنی بداتو پڕۆژەی لێدانی عێراق راناگرێ لە حاڵێکدا کە ئەگەر ئەمریکا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە پێداویستیەکانی پڕۆژەکە دەستەبەربوونو کات گەیشتۆتە ئەوەی کە پێداویست دەکات دۆسێی عێراق دابخرێتو رژێمی ئێستای عێراق لەناو ببرێت. لە کاتێکدا کە ئەمریکا درێژە بۆ خۆئامادە کردن دەدات، رژێمی عێراق وەکو ئەوانی دیکە دەگاتە ئەو بڕوایەی کە دووچاری لێدانێکی سەربازی دەبێت تەنانەت ئەگەر لەسەر گەڕانەوەی تیمەکانی پشکنینیش رازی بێت بەو مەرجانەش کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە رێگای ئەمریکاوە دیاری دەکات.. بۆیە رژێمی عێراق پەنا دەباتە بەر گەمەی کەلك وەرگرتن لە کات، ئەمەش لە رێگای گفتوگۆ لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکانو ئاماژە کردن بەوەی کە ئەگەری رازی بوون لەسەر گەڕانەوەی تیمەکانی پشکنین لە ئارادایەو، گفتوگۆ لەگەڵ وڵاتانی عەرەبو ناردنی عزەت ئیبراهیم ئەلدووری بۆ ئەردەنو سوریاو میسرو وڵاتانی دیکەو خۆئامادە کردن بۆ گرێدانی کۆبوونەوەی لوتکەی عەرەبی. تەیارکردنی نێوخۆو کۆنترۆڵ کردنی بزاوتنی نێوخۆی عێراقو پێشاندانی عێراق بە جۆرێك کە بەهێزەو لە توانای دایە رووبەڕووی لێدانی سەربازیانەی ئەمریکا ببێتەوەو ئەمریکاییەکان بدۆڕێنێ، ئەمە لە لایەكو لە لایەکی دیکەشەوە زمانی رووبەڕووبوونەوە دژ بە ئەمریکا توندتر دەکاتو گەڕانەوەی تیمەکانی پشکنین بە هەر مەرجێك بێت رەتدەکاتەوەو لەم بارەیەوەش لێدوانەکانی تاریق عەزیز بە ئاشکرا رازی بوونی عێراق بۆ گەڕانەوەی تیمەکانی پشکنینو سەپاندنی چاودێری بەسەر دەزگا سەربازییەکانی بە چاودێری کردنی چەکەکانی ئیسرائیلەوە گرێداو ئەمریکای لە کەم ئەقڵیی بەردەوامبوون لە هەوڵی رووخاندنی سەدام هۆشدار کردەوەو، گوتی کە هەموو ئامادەباشییەکمان بۆ رووبەڕووبوونەوەو دوژمنکاریێتی ئەمریکا هەیە. تەها یاسین رەمەزانیش دووبارەو بە هەمان زمان گەڕانەوەی تیمەکانی پشکنینی رەتکردەوەو ئەم هەنگاوەی بە سەپاندنی چاودێری بەسەر دەزگا سەربازییەکانی ئیسرائیلەوە گرێداو دووپاتی کردەوە کە عێراق ئامادەیە بۆ بەرگری کردن لە دژی هەر کردەیەکی سەربازیانەی ئەمریکا لە داهاتوودا لە کۆتایی ئەم زنجیرەیەشدا سەدام حوسێن لە بۆنەیەکی هەڵبەستراودا لەگەڵ بەناو (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستاندا) دووبارە گەڕانەوەی تیمەکانی پشکنینو بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی رەتکردەوە.. ئاخۆ ئەم حاڵەتە نوێیە لە حاڵەتی داگیرکردنی کوێتو سوور بوونی رژێم لەسەر مانەوە لە خاکەکەی داو رەتکردنەوەی هەموو بانگەوازە عەرەبیو نێودەوڵەتییەکانەوە بۆ کشانەوە لە کوێتو دواتریش هەڕەشەکردنی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو ئینجا کشانەوەو ملکەچ بوونی بۆ بڕیارە نێودەوڵەتییەکان لە خێوەتی سەفوان نزیك دەبێتەوە؟ وا پێدەچێ کە رژێم هۆشیار نەبووبێتەوەو هیچ پەندێکی لە وانەکانی پێشوو وەرنەگرتبێو عەقلیەتو گوتارو سیاسەتی خۆی نەگۆڕیبێو ئەمجاریش وەکو جارەکانی تر حساباتی دروست دەرناچێ، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە لێدانێکی سەربازی پێ دەکەوێ: بەڵام ئەم لێدانە یەکلاکەرەوە دەبێت، ئەمەش ئەوەیە کە رژێم پێشبینی نەکردووە!!

# ئایا ئەمریکا یا رژدە لسەر گوهارتنا رژێما عیراقێ؟

**مەلەڤان محەمەد- دهوك**

لدویف راگەهاندنێت رەسمی یێت ئەمریکی یێت زار زۆر وەسا یا دیارە کو هێرشەکا لەشکەری یا ئەمریکی دژی عیراقێ گەلەك یا نێزیك بوی، بەلێ هەکەر ئەم ب راستیو ب چاڤەکێ واقیعیانە بەرێ خو بدەینە ڤێ چەندێ دێ گەهینە وێ باوەڕێ کو هەر هەولەکا بهێتە کرن بو گوهارتنا رژێما عیراقێ دێ پێتڤی خو بەرهەڤکرنەکا درێژ بیتو رەنگە ئەڤ چەند ژی ماوێ چەند هەیڤەکا ڤەکێشیت، ژ بەر کو هەر کریارەکا لەشکەری دژی عیراقێ دێ پێتڤی ئاڤاکرنا هەڤالبەندەکا نێڤ دەولەتی یا ب هێزو پشتەڤانیەکا نافخویی یا بەردەوام بیت زێدەباری خوشکرنا کاودانێت لەشکەری بو گێرانا پتر ژ بەروکەکێ شەری دێك دەم دا. رابوناحکومەتا ئەمریکی ب کریارەکا لەشکەری دژی عیراقێ پشت کو ب ئێك ژوەلاتێن تەورێ شەری ل جیهانێ هاتیە ل قەلەم دان پێ نەڤێت یا بویە داخازەکا نافخوی بو هەردوو لایەنێت هەڤکێشێ (حکومەتا ئەمریکیو گەلێ ئەمریکی) ژ بەر کو گەلێ ئەمریکا پشت رویدانێت روژا (11)ی ئیلولێ گەهشتنە وێ باوەڕیێ کو وەلاتێ وان نەیێ هێمن ودویرە ژ کریارێت تیرۆرستیو دویر نینە ل هەر دەمەکێ دی توشی هەمان هێرشا ببنەڤە، لەورا ژی گەلێ ئەمریکا پشتەڤانیا حکومەتا خو کر دهەولێت وێدا ژبو بکارئینانا هەمی رێکا بو نەهێلانا دیاردا تیرۆرا نێڤ دەولەتیو ئەو وەلاتێن پشتەڤانیا تیرۆرێ دکەن، ژ بەر هندێ ژی عێراق دهزرا ئەمریکا دا یا بویە چەڤەنگەکێ شەریو پشتەڤانیا ئێکێ یا تیرۆرێ لەورا ژ زیو لدویف هزرا ئەمریکا دڤێت ب هەمی رێکا هەول بهێنەدان بو گوهارتنا رژێما نوکە ل عێراقێ بێی لبەر هندێ کا گەلێ ئەمریکابێ دروستە دهزرا خودا کە عێراق ئێك ژوەلاتێن تەورێ شەری یە ژ بەر هندێ ژی پشتەڤانیا گەلێ ئەمریکا بو شەرێ دژی تیرۆرێ ئێك ژ خالێن سەرەکیو گرنگە بو بەردەوامیا پێنگاڤێت حکومەتا ئەمریکی دڤی بواری دا، ژ لایەکێ دیڤەو سەرەرای پشتەڤانیا گەلێ ئەمریکی بو شەرێ دژی ئەفغانستانێ، بەلێ حەتا نوکە ئەنجامێ دویماهیێ بێ وی شەری دیار نەبویەو بەر گومانێ سەرەکی (ئوسامە بن لادن) و سەرکردێ بزاڤا تالبان (مەلا محەمەد عومەر) نەهاتینە دەستەسەرکرن کو دەستەسەرکرنا وان ژی ژ خالێن سەرەکی بون دنەخشێ کارگێریا ئەمریکی دا دەمێ پێنگاڤا ئێکێ یا شەرێ دژی تیرۆرێ هاڤێتی، ژ بەر هندێ ژی حکومەتا ئەمریکی هەست ب هندێ دکەت کو نەڤیایە ئێك ژ خالێن خو پێت سەرەکی بجهبینیت، لەورا یا پێتڤی هندێ یە کو چەند بەروکەکێت دی یێت شەری ڤەکەت خو هەکەر هاتو ئەف بەروکێت هەنێ وەکو (شەرە دەڤ) پتنێ ژی بن دا گەلێ ئەمریکا پێڤە بهێتە مژویلەکرنو وەسا دیارکەت کو ئەو یێ خو بو شەرەکێ دی بەرهەڤ دکەن دا کو شکستنا خو دشەرێ ئەفغانستانێ دا پێ ڤەشێریت، نەخاسمە پشت قەوارەك ئێك جار زور ژ تەرازیا بەرەڤانیا ئەمریکی هاتیە خەرجکرنو دەزگەهێت حکومەتا لەشکەری یێت عەسمانیو دەریاییو زەمینەیی کە فتینە هەڤرکانێ ژبو بەرهەم ئینانا سیستەمێت لەشکەری یێت نویو پێشکەفتی ژبو بەرسینگگرتنا مەترسیێت پاشە روژێ. نوکەو پشتی هەلوەشیانا ئێکە تیاسوڤیتیو نەشیانا وەلاتێن ئەوروپاو چینو روسیا رولەکێ هەڤسەنگ بەرامبەر رولێ ئەمریکا ب گێرن. دەرفەت بو ئەمریکا ڤەبویە کو ببیتە خودان دەستەلاتا ئێکانە ل جیهانێو ژ بەر هندێ ژی ئەمریکا پشتەڤانیێ د دانیتە سەر خو پتنێ دەمێ هەلویستەکێ وەردگریت یان بریارەکێ ددەت بەرامبەر دوزێت جڤاکێ نێڤ دەولەتی. ئەمریکا وەکو هێزەکا ساپاندی لسەر هەمی مللەتێن جیهانێ نەیا پێتڤی هندێیە کو دەستویریێ ژ نەتەوێت ئێکگرتی یان هەر وەلاتەکێ دی وەربگریت یان ژی پشتەڤانیا خو ب دانیتە سەر هندەك رێکخستنێت نێڤ دەولەتی ژبو وەرگرتنا بریارێت پێتڤی بو پاراستنا بەرژەوەندیێت خو، هەر چەندە وەرگرتنا رازیبونێ تشتەکێ پوزێتیڤانەیە، بەلێ نەیێ پێتڤیە بو هەر کریارەکا لەشکەری کو ئەمریکا دژی عیراقێ یان هەر وەلاتەکێ دی بکەت، هەروەسا بەر هنگاریا نێڤ دەولەتیو هەرێمی شیان نینن کو هەلویستەکێ کاریگەر وەربگریت بو راوەستاندنا ئەمریکا کو ب کریارەکا لەشکەری رابیت.

ژلایێ هەرێمایەتی ڤە هەر چەندە وەلاتێ کوێتێ دیارکریە کو ئەو رازی نابیت عەردێ وێ وەکو رێکەکێ بهێنتە بکارئینان بو ئەنجام دانا هێرشەکێ لسەر عێراقێ، بەلێ دڤێت نە ئێتە ژ بیرکرن کو پرانیا وەلاتێن کەنداڤیو ژوانا ژی کوێت د گەل هندێ نە کو رژێما نوکە یا عێراقێ بهێتە گوهورین، بەلێ نە ب کریارەکا لەشکەری ئەف چەندە ژی خالەکا لاوازییە د هەلویستێ وان دا هەروەسا تورکیا کو هەر چەندە مفای ژ کاو دانێت نوکە دبینیت، بەلێ ئەو ژی یا دوو دل نابیت بەرامبەر گوهارتنا رژێما عێراقێ نەخاسمە هەڤالبەندیا وێ یا ستراتیژی دگەل ئسرائیلێ یا هاتیە ئاڤاکرن لسەر بناغێ نە بەرڤەراربونێ ل وەلاتێن عەرەبی یێن هەڤسویی، بەرامبەر ڤێ چەندێ پرانیا وەلاتێن عەرەبی دژی هندێ نە کو ئەمریکا ب کریارەکا لەشکەری دژی عێراقێ رابیت، بەلێ ئەمریکا وەسا هزر دکەت کو بەرهنگاریا وێ ب رێکا گوتارو راگەهاندنا دێ زوی ئێتە ژناڤبرن هەر دەمێ ئەمریکا دەست ب ڤێ کریارا خو بکەن. رژێما نوکە یا عێراقێ خزمەتێت مەزن بو ئەمریکا کرینە چ ب شێوەکێ ئێکسەر یان نە ئێکسەرو لسەر ئاستێن هەرێمیو نێڤ دەولەتی کو گەلەك ژ وەلاتێن هەڤالبەندێت ئەمریکا نەشیاینە وان خزمەتا بو ئەمریکا بکەن، رژێما نوکە یا عێراق شیایە چارچوڤێ بەرژەوەندیێت ئەمریکا ل دەڤەرێ بەرفرەهکەت دەمێ شیای ب هاریکاریا ئەمریکا رادەیەکێ بو بەرفرەهبونا شورشا ئیسلامی یا ئیرانێ ل دەڤەرێ بدانیت لدەمێ جەنگێ کەنداڤی یێ ئێکێ وشیا حەتا رادەیەکێ مەزن تولێت ئەمریکا ژ ئیرانێ ڤەکەت، بەلێ پشتی جەنگێ کەنداڤی یێ ئێکێ بدویما هی هاتیو هەڤالبەندا ئەمریکا یا سەرەکی (ئسرائیلێ) هەست ب هندێ کری کو عێراق هەڤرکا وێ یا سەرەکیە لدەڤەرێو هەڤسەنگیەکا هەرێمی لدەڤەرێ پەیداکریە، لەورا ژی پشتی رژێما عێراقێ وەلاتێ کوێتێ داگیرکری دەرفەتەکا دی یا زێرین بو ئەمریکا هاتە ڤەکرن وشیا ب بەهانا هندێ هەبونا خو یا لەشکەری ل دەڤەرا کەنداڤی بەلاڤکەتو وەلاتێن دەڤەرێ ژی نەچارکەت کو لسەر ڤێ چەندێ رازی ببنو خەرجیێ ژی لسەر هێزێت وێ یێت لەشکەری بکەنو ژنوی ڤە جارەکا دی دەستێ خو دانا سەر پترولا دەڤەرا کەنداڤیو خەونەکا وێ یا کەڤن بجه هات، ئەڤجا رژێمەکا هندە هاریکاریا ئەمریکا کربیت دێ حەتا چ رادە یا ب ساناهی بیت کو ئەمریکا وێ رژێمێ ب گوهوریت.

# عێراقو دۆسیەی ئاژاوەکان

لاپەڕە 3

***تورکیا - عێراق**

بۆ چەندەمین جارو، ئەمجارەشیان جامیعەی عەرەبی داوای لە کۆماری تورکیا کرد، کێشەکانی لەمەڕ ئاوی (فورات) لەگەڵ عێراقو سوریادا چارەسەربکاتو بە پێی رێککەوتن هەوڵی دابەشکردنی ئاوەکەو دیاریکردنی بەشی هەر یەك لەو وڵاتانە دیار بکرێت..

نێوەندە عەرەبییەکانو عێراقو سوریاش، هەست بەوە دەکەن کە تورکیا مەسەلەی ئاو بۆ یەکلایکردنەوەی کێشە سیاسییەکانی هەرێمەکە بەکار دەهێنێت.. لە کاتێکدا تورکیا ئێستا خەریکی جێبەجێکردنی پرۆژەیەکە بۆ باشتر بەکارهێنانی ئاوی فورات، پرۆژەکەش دروستکردنی 22 بەنداوو 19 وێستگەی کارۆئاوییە لەسەر ئەو رووبارە، بێشك ئەمەش کاردانەوەی خراپ دەکاتە سەر سوریاو عێراقو مەسەلە سیاسیو سەربازییەکانیش لە هەرێمەکەدا بەرەو تەنگەژەی دەبات.

***جموجۆڵی عێراق بۆ کۆکردنەوەی پاڵپشتی عەرەبیو ئیسلامی**

ماوەیەکە رژێمی عێراق لە رێگای نێردراوەکانی لە ئەنجومەنی وەزیرانو سەرکردە حزبییەکانی بۆ زۆربەی پایتەختە عەرەبیو ئیسلامییەکان، دەیەوێ پاڵپشتییەك لەو نێوەندە بەدەست بهێنێت تا وەکو لە کۆنگرەی وڵاتانی عەرەبی لە بەیروتی پایتەختی لوبنان کە لە ماوەی داهاتوودا دەبەسترێ بتوانێ بڕیاری عەرەبی بۆ لای خۆی کێش بکات. بەپێ سەرچاوە ئاگادارەکان نێردراوانی عێراق بەرەو باکوری ئەفریقیاو یەمەنو سودانو میسر دەکەونە رێو دەچنە وڵاتانی دیکەی ئیسلامیو بیانی بەو مەبەستەی پشتیوانی لە عێراق بکەن لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ئەمریکا. ئەمەش لە کاتێکدایە کە هەڕەشەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە گرژیو زیاتر بوون دان بۆ لەناوبردنی ئەو رژێمە ئەم توندبوونەش لەو کاتەوە زیاتری کردووە کە ئەمریکا پێی وایە لە کانوونی دووەمی ئایندەدا پێ دەچێت عێراقو ئێرانو کۆریای باکور بەرەیەکی شەڕ رابگەیەنن.

***کوێت - عێراق**

دوای ئەوەی وەزیری دەرەوەی قەتەر شێخ حەمەد بن جاسم پێشنیاری ئەوەی کرد کە وڵاتانی کەنداو راستەوخۆ لە رێگای دانوستانەوە لەگەڵ عێراقدا وتوویژ بکەن، وڵاتی کوێت لەسەر زاری وەزیری راگەیاندن (ئەحمەد فهد ئەلسباح)ەوە ئەو پێشنیارەی قەتەری رەتکردەوەو نارازی بوونی خۆی لەمەڕ پێشنیارێکی ئاوا ئاشکرا کرد، بەو پێیە کە هێشتا دیاردەکانی غەزوی عێراق بۆ سەر کوێت دیارنو سەدان کەس لە هاووڵاتییانو هەرچی سامانو ئەرشیفی وڵاتەکەیان هەیە لە لای عێراقن بۆیە رێگای دانوستان لەگەڵ رژێمی ئێستای بەغدا رەت دەکاتەوە.

لە لایەکی دیکەوە عێراق وا چاوەڕوان دەکات کە لەو چەند هەفتەی داهاتوودا بکەوێتە ژێر باری هێرشەکانی ئەمریکاو بەریتانیا، ئەمە لە کاتێکدا کە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەگەر توانا سەربازییەکانی عێراق هەڵنەوەشێنرێتەوەو سیستەمی چەکسازی لێنەدرێت، ئەوا لە توانایدا هەیە لە (5) ساڵی داهاتوو چەکی کۆکوژو ئەتۆمی دروست بکاتەوە.